

# سەرگێشییەکانی
# شێرلۆک هۆڵمز


نووسەر
ئارثەر کۆنان دویڵ

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە
مەدینە ئەحمەد

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە
بۆ گروپی کتێبخانەی ( PDF )




کتێبخانەی ( PDF ) ›

PUBLIC GROUP · 82K MEMBERS

# سەرکێشییەکانی
# شێرلۆک هۆڵمز

-تۆوی پێنچ پرتەقاڵەکە

بۆیەکەم جارلە ڕۆژنامەی ((ستراند))ی مانگانە بڵاوکراوەتەوە لەتشرینی دووەمی ساڵی ١٨٩١

نوسەر :ئارثەر کۆنان دوێڵ

وەرگێڕانی لەئنگلیزییەوە:سالی احمد حمدي

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:مەدینە احمد



(ئــــارثەر كۆنـــــان دۆيــــڵ)لەخێزانێكى چينـــــى مامناوەنـــــد لەئەدنــــــبەر لەســـــكۆتلەندا لە٢٢ى ئايـــــارى ســـــاڵى ١٨٥٩لەدايـــــك بـــــووە ،كاتێـــــك تەمەنـــــى(١٧)ســـــاڵ بـــــووە ڕۆشـــــتۆتە زانكـــــۆى طـــــوب،لەلاى دكتـــــۆرى بەناوبانـــــگ (جۆزێـــــف بـــــڵ)بووە،ئەم دكتـــــۆرە بـــــۆتە ئيلهـــــام بەخشـــــى لەنوســـــينى (شـــــێرلۆك هۆڵمز).لەســـــاڵى ١٨٨٢(دۆيڵ)بڕوانـــــــامەى دكتـــــــۆرى لەئەدنـــــــبەر بەدەســـــت هێنـــــاوە ،خەونـــــى بەوەوە دەبينـــــى كەببێـــــتە دكتـــــۆرى نەشـــــتەرگەريو شـــــارەزا لەبـــــوارى توێكـــــارى وەكـــــــو (د. بـــــــڵ)،بەڵام بەهـــــــۆى كەمـــــــى پـــــــارەوە ناچاربوو وەكو دكتۆر لەسەر كەشتى كاربكات.

دواتر كارەكەی خۆی بەردەوامی پێدا لەماڵێكی بچووكی بەكرێگیراو كەلەهەندێك لەقوربانیانی بۆرتسماوث بەكرێی گرتبوو،بەهۆی كەمی ژمارەی نەخۆشەكان ڕوویكردە نوسین بەهیوای ئەوەی كەپاشەكەوتێكی زیادەی هەبێ،وەهەندێك چیرۆكی سەركێشی نوسیوە بۆگۆڤاری كوڕان،بەڵام كرێیەكەی كەم بووە.وەیەكەم ڕۆمانیشی بەهۆی نەبوونی بڵاوكراوەوە شكستی هێناوە،لەقوڵایی بێزاریو خەمدا بیری لەڕێگاكانی (د.بڵ)كردەوە لەبواری توێكاری وەبڕیاری دا كەپاڵەوانی یەكێك لەچیرۆكەكان پشكنەربێت،بەم شێوەیە شێرلۆك هۆڵمز لەچیرۆكی (لێكۆڵینەوەی سور)كە (دوێل)لەساڵی ١٨٨٧ بڵاوی كردەوە لەدایك بوو.(دوێل)شێرلۆكی دروستكرد ،تەنانەت خەڵكیش ڕەتیانكردەوە كەبڕوابەوە بهێنن كەكەسایەتییەكی خەیاڵییە! وەنوسەر بەشێوەیەكی ڕێك وتارەكانی ئاڕاستەی شێرلۆك دەكرد بۆچارەسەری كەیسەكان وەكوئەوەی كەقسەی لەگەڵ بكات ڕاستەوخۆ، وەهەندێك لەم لەم كەیسانەبوونەهۆی ئاشكراكردنی تواناكانی دوێل خۆی .

بۆنموونە یەكێك لەوڕووداوانە پیاوێك هەبوو هەموو پارەكانی لەبانك ڕاكێشابوو ژورێكیشی بەكرێ گرتبوو لەیەكێك لەهۆتێلەكانی لەندەن ،دواتر ئامادەی ئاهەنگێك بوو وەدواتر گەڕاییەوەبۆشوێنەكەی جلەكانی گۆڕی و ونبوو،پۆلیسەكان نەیان دەتوانی شوێنەكەی بدۆزنەوە،خێزانەكەی ئەترسان كەشتێكی خراپی بەسەرهاتبێت،بەڵام دوێل خێراكێشەكەی چارەسەركردووتی:ئێوەئەوپیاوەلەئەدنەبەریان گلاسكۆدەدۆزنەوە،

وەبەئارەزووی خۆی ڕۆشتووە.ڕاکێشانی هەموو پارەکەی ئاماژەیە بۆئەوەی کەڕاکردنێکی بەئەنقەست بووە،ئەوئاهەنگەشی کەئامادەی بوو لەکاتژمێر(١١)ەتەواودەبوو،ئەگەر ئارەزووی گەشتکردنی نەبوایەجلەکانی نەدەگۆڕی لەپاش گەڕانەوەی،وەلەنیوەی شەوداشەمەندەفەرە خێراکانی بەرەوسکۆتلەندا وێستگەی کینگزکرۆس جێدەهێڵن، دواتر بەڕاستی پیاوەکەیان لەئەدنبەر دۆزییەوە!

ئارثەرکۆنان دویڵ وەرزشوانێکی بەهرەمەندیش بووەلەهەمان کاتدا،زۆرانبازی وبۆڵینگوکریکیت وتۆپی پێی کردووە،وتاردەرێکی تێگەشتوو وانەبێژێکی باش بووە،کاربەڕاوبۆچونەکانی کراوە لەطوب وزانستوئەدەبوسیاسەتو کۆڕو کۆبونەوەکان.وەلەساڵی(١٩٠٠)لەجەنگی بوێرلەباشووری ئەفریقیا خۆبەخشی کردووە وبووەبەسەرۆکی نەشتەرگەرییەکان لەخەستەخانە مەیدانییەکان،نیشانەی سوارچاکیو نازناوی سێر(نازناوێکی شەرەف مەندانەیە کەلەلایەن شاژنی بەریتانیاوە دبەخشرێت)پێدراوە بەهۆی ئەوخزمەتانەی کەکردویەتی.

دوای گەڕانەوەی کتێبێکی گرنگی دەربارەی ئەم جەنگە بڵاوکردۆتەوە.

سێر کۆنان لەحەوتی تەمموزی ساڵی ١٩٣٠ کۆچی دوایی کرد لەتەمەنی٧١ساڵیدا،دوای ٣ساڵ لەنوسینی کۆتا چیرۆکی شێرلۆک هۆڵمز وە دوای ٤٠ساڵ لەدەرکەوتنی ئەم کەسایەتیە پاڵەوانە.



# شێرلۆک هۆڵمز و جیهانەکەی

ئەکرێت کەسایەتی شێرلۆک هۆڵمز بەناوبانگترین کەسایەتی خەیاڵی بێت لەمێژوودا،بەڵکو ناوبانگی زیاترە لەکەسایەتییە بەناوبانگاکانی جیهان لەژیانی ڕاستیدا(لەم دوایەیەدا سینەمای جیهانی کەسایەتی شێرلۆک هۆڵمز ی بەزیرەکترین کەسایەتی لەبواری سینەمادا دیاری کرد)،ناوبانگی لەسەرووی (ئارثەرکۆنان دویڵ)بوو،دویڵ کەسایەتی شێرلۆکی لە مامۆستادکتۆرەکەی لەزانکۆ وەرگرت بەناوی (د.جۆزێف)،دکتۆرێک کەبەهرەیەکی گەورەوناوازەی هەبووە لەتێبینیکردنی ڕەفتاروبیرکردنەوەیەکی لۆژیکانە،وەسەرنجی خوێنەدکارەکانی ڕادەکێشا بەتواناکی ،ئەوتەنهابەهرەمەند نەبووەلەشیکاری نەخۆشییەکان،بەڵکو بەهرەمەندیش بووە لەناسینەوەی کەسایەتیو کارەکەی و وردەکارییە شاراوەکانی ژیانی نەخۆشەکان،بۆنمونە بەیەکێک لەنەخۆشەکانی وت :-تۆئەفسەرێکی کەتازە لەسوپاهاتویتەوە،وەکەمێک ئەبێت کەگەڕاویتەتەوە لە بربادۆس، تۆئەناڵێنی بەهۆی نەخۆشی فیلەوە(نەخۆشییەکی درێژ خایەنە بریتییە لەڕەقبوونی پێست وەکو فیل).

دواتـــــر سەرســـــورِمانی کـــــۆنترۆڵی خوێنـــــدکارو سەربازەکانی کردبوو.

دواتـــــر (د.بـــــڵ)ئەوەی ڕوونکـــــردەوە کەچـــــۆن زانیوێتی،ســـــەربازەکە لەکـــــاتی هـــــاتنە ژوورەوە کـــــڵاوەکەی دانەکەنـــــد ئەمەش ئامـــــاژەیە بەوەی کەتـــــازە خزمەتـــــی جێهێشتووە،لەوکەســـــانەیە کەڕوویەکـــــی دەســـــەڵاتدارانەی هەیە،پێستیشـــــی ئامـــــاژە بەوەدەکـــــات کەڕووی لەخۆربـــــــووە کەواتە لەنـــــــاوچەیەکی کەمەرییەوەهاتووە،لەبربادۆســـــــیش هـــــــاتووە نەخۆشییەکش خۆی لەوێ بڵاوە!

شـــــێرلۆک هـــــۆڵمز لەجیهـــــانی خەیاڵییـــــدا-لەســـــاڵی ١٨٥٤لەدایـــــک بووە،بڕوانـــــامەی زانکۆشـــــی هەیە بەڵام دویـــــڵ ســـــاڵەکەی دیـــــاری نەکردووە،دواتـــــر شـــــارەزایی پەیـــــداکردووە لەبـــــواری ((پشـــــکنەری تایبەت))لەدەوروبەری ساڵی ١٨٧٨،



لەشـــــــــەقامی(بەیکەر)لەلەندەن نیشـــــــــتەجێ ببوو،وەژمـــــــــــــــــــــــــــــارەی ماڵەکەشـــــــی(٢٢١ب)بوو،زیـــــادەڕۆی نــــاکەین ئەگەر بڵێیــــین کەئەم ناونیشـــانە بەناوبـــانگترین ناونیشـــانە لەســــەرەمی ئێستاوجارانیشــــدا!هۆڵمز شــــارەزاییەکی باشــــی هەبوولەچارەســــەرکردنی کێشــــەکان وئاشــــکراکردنی مەتەڵە شــــاراوەکان لەســـایەی وردی تێبینـــی کردنیـــو تواناگەورەکـــانی ،لەبەرهەم وشـــــیکاری لۆژیکانە،ئەوزانیـــارانەی کەهەیەتی لەزانستە جیاوازەکان.

(د.واطســــــــــۆن)،ناوبانگی کەمتـــــــــــرنییە لەشـــێرلۆک،کەلەهەموو بیرۆکەکـــان هاوبەشـــــی دەکــــات،ئەوگێڕەرەوەی چیرۆکەکــــانە بۆمــــان هەروەک چۆن هیستنگز بۆبوراو کردی.

((هیســــتنگز-نەقیـــــب ئـــــارثەر هیســـــتنگز کەســــایەتیەکی خەیــــاڵی ئاگاثــــا کریســـــتی بەریتانییە،ئـــــازیزترین هـــــاوڕێی هیرکیـــــون بـــــــوراوی بەلجیکــــــــی بووە.بــــــۆیەکەم جارلەڕۆمــــانێکی کەیســــی شـــــاراوە لە ســــتایلز دەرکەوت دواتـــــر لەزنجیــــرەیەک ڕۆمانـــــــدا دەرکەوت،لەزنجیـــــرە ڕۆمانەکــــانی هیرکیـــــول بوراو،بــــوراو هیســـتنگزی بینـــی کــــاتێ گەشــــتە ئینگلتەرا؛هەردووکیـــان بـــــوون بەخۆشەویســــترین هــــاوڕێی یەکــــــدی،یەکەم دەرکەوتنیان:کەیســــــی ســـتایلزی شـــاراوە-١٩٢٠-کۆتــــا دەرکەوتنیــــان-١٩٧٥-نوسەر ئاگاثاکریستی)).

وه(د.واطسۆن)لەساڵی ١٨٥٢لەدایک بووه لەساڵی ١٨٧٨بووەبەدکتۆر،دواتر بەشداری لەسوپا کردووه لەساڵی١٨٨٠وەماوەی خزمەتەکەشی لەگەڵ سوپای بەریتانیا لەئەفغانستان بەسەربردووه،دواتر گەڕاوەتەوه بۆوڵاتەکەی یوو خانەنشین بووه دوای ئەوەی کەبریندار بووەلەیەکێک لەجەنگەکان،لەسەرەتاکانی ساڵی١٨٨٠دالەخەستەخانەی ستامفۆرد لەتاقیگەی کیمیا شێرلۆک هۆلمزی ناسی،دواتر واطسۆن هاوسەرگیری کرد،بەڵام دویل نەیناساندوین بەخێزانەکەی و ناوی نەهێناوه.

لەچیرۆکـــــــــــی ((کۆتـــــــا کێشە))کەســـــــاڵی ١٨٩٣بڵاوبـــــوویەوە دویـــــڵ شـــــێرلۆکی پـــاڵوانی کوشـــــــــــــــــــــــــــــــــــــت،بەڵام لەلایەن هانـــــدەراناوەوخوێنەرانەوە تووشــــــی ڕەخنەبـــــوو بۆیەبڕیـــــــــاری دا دووبـــــــــارە بیهێنێـــــــــتەوە ژیان،لەکۆتایەکـــــانی ســـــــاڵی١٩٠٣دووبــــــارە شــــــێرلۆک دەرکەوتەوە بـــــۆ چارەســـــــەرکردنی کەیسەشاراوەکان.

* **



# چیرۆکەکانی شێرلۆک هۆڵمز

یەکەم چیرۆک کەدویل بڵاوی کردەوە لەساڵی ١٨٧٩ دابووە،کەچیرۆکێکی کورت بوو بەناوی((شایەتیدانی بەڕێز جفسۆن))،وەیەکەم ڕۆمان کەبەپاڵەوانیەتی شێرلۆک بڵاوکرایەوە لەژێر ناونیشانی (لێکۆڵینەوەی سور)،لەساڵی ١٨٨٧ دابوو ئەوەندەباش نەبوو،بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکان سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا.

دواتر دووبارە ڕۆمانێکی دیکەی بڵاوکردەوە لەپاڵەوانێتی شێرلۆک،لەژێر ناونیشانی (هێمای چوار)کەساڵی ١٨٩٠ بڵاوکرایەوە.

لەساڵی دواتردا کۆمەڵێک لەسەرکێشییەکانی شێرلۆکی بڵاوکردەوە لەئەڵقەیەکی مانگانەی گۆڤاری(ستراند)،لەچیرۆکی (ئاژاوەیەک لەبۆهیمیا)دەستی پێکرد لەمانگی تەمموز،ئەم چیرۆکە سەرکەوتنێکی گەورەی پێش وەختی بەدەست هێنا لەڕۆژنامەکانی بەریتانیا،وەئەم کەسایەتیە خەیاڵییە بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبوویەوە،هەموو خەڵکیشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد.

ژمارەی زنجیرە چیرۆکەکان بووبە دوانزە دانە کەکۆتا دانەی لەحوزەیرانی ساڵی١٨٩٢دابوو دواتر زنجیرەی(بیرەوەرییەکانی شێرلۆک هۆڵمز)ی بڵاوکرایەوە کەلەدوانزە ئەڵقە یەکەم بیرەوەری لەکانونی یەکەمی ١٨٩٢ بڵاوکرایەوە،وادیاربوو دیل بێزارببولەنوسینی شێرلۆک هوڵمز،بویەبڕیاری دا کەکۆتایی بەکارەکتەرەکە بێنی،لەکۆتا چیرۆکدا شیرلۆک لەکاتی شەڕکردن لەگەڵ پۆفیسۆر(مۆراتی)خراپەکار لەلای تاڤگەکانی ڕایشنباخ لەسویسرا کوژرا! ئەم چیرۆکە لەژێر ناونیشانی (کۆتا کێشە)بڵاوکرایەوە،لەکانونی یەکەمی ساڵی ١٨٩٣ .

دواتر کاردانەوەی خەڵکی بەتوڕەبون دەستی پێکرد، هەزاران نامەی پێدەگەشت،وگۆڤارەکەش بیست هەزار بەشداربووی لەدەست دا،دویل هەستی بەوەدەکرد کەلەنێوان شێرلۆک وکارەکەیدا شێرلۆک گرنگترە.دواتر ڕازی بوو کەبەچیرۆکی(سەرکێشیماڵەچۆڵەکە)بگەڕێتەوەکە کەلە گۆڤاری ستراند لەساڵی ١٩٠٣ دابڵاوبویەوە لەمانگی تشرینی یەکەم،دووبارە شێرلۆک گەڕایەوە بۆڕوونا‌کی؛دەرکەوت کەئەو هەرگیز نەمردبوو،لەچیرۆکی(ماڵەبەتاڵەکە)دویل ئەشکرای کردکەچۆن شێرلۆک توانیویێتی ڕزگاری ببێ،دواتر ڕێگای بڕییوەو ڕۆشتوەبۆ تبت.

بۆیارمەتیدانی لاماى گەوورە،دواتر بەشێوەیەکی شاراوە گەڕاوەتەوە بۆلەندەن بۆلێکۆڵینەو لە مردنی کوڕی یەکێک لەلۆردەکان.گەڕانەوەی شێرلۆک بۆژیان جۆشوخرۆشییەکی گەورەی لەلای خوێنەران دروستکردەوە،داهاتێکی زۆریشی بۆهەردوو گۆڤاری ستراند لەبەریتانیاوگۆڤاری کولیرز لەئەمەریکا بەدەست هێنا.زنجیرەی (گەڕانەوەی شێرلۆک هۆڵمز)بەردەوام لەبڵاوبونەوەدا بوو کەژمارەی ئەڵقەکانی(١٣)دانەبوو هەتاوەکوو کانوونی یەکەمی ١٩٠٤.

وە دویل بوجاری سێیەم زنجیرە ڕۆمانە درێژەکانی (شێرلۆک هۆڵمز)ی بڵاوکردەوە بەناوی (سەگی خێزانی باسکرفیڵ)،بڵاوکردەوە ئەم ئەڵقانە بەردەوام بوو لەمانگی ئابی١٩٠١ بۆنیسانی١٩٠٢ ،ئەمە بەناوباگترین ڕۆمانی شێرلۆک هوڵمز بوو.

دواتر زنجیرەی(کۆتا دەرکەوتن)دەرچوو کەخۆی دەبینێتەوە لە(٧)چیرۆک لەسەر شێوەی ئەڵقەی یەک لەدوای یەک بڵاوکراوەتەوە لەنێوان ئەیلولی ١٩٠٨ وکانونی یەکەمی ١٩١٣، دواتر چوارەم ڕۆمانی درێژی شێرلوکی بەناوی(دۆڵەتۆقیوەکە) لە((٩-١٩١٤و/٥-١٩١٥))دەرچووو وە ئەوەمەزنترین ڕۆمانی شێرلۆکە،لەکۆتایدا زنجیرەی (کەیسەکانی شێرلۆک هۆڵمز)[١٠-١٩٢١/٤-١٩٢٧] کەکۆتا ئەڵقەی بڵاوکرایەوە بەتەواوی دوای چڵ ساڵ لەدەرچوونی یەکەم ڕۆمانی شێرلۆک.

بەرهەمەکانی دویل تەنها ڕۆمانو چیرۆکی شێرلۆک نەبووە،بەڵکو کتێبی زۆری نوسیوە.لەوانە مێژوییو ڕۆمانسیو شانۆگەری،لەگەڵ چەندین کتێبی دوور لەڕۆمان.

لەڕاستیدا نووسەریکی پڕ بەرهەم بووە،لەدوای خۆی نزیکەی (١٠٦)بەرهەمی جێهێشتووە،(٦٠)یان لەچیرۆکی شێرلۆک خۆی دەبینێتەوە،(٥)یشیان لەکەسایەتیەکی دیکەی خەیاڵی جیهانی بەناوی (پڕۆفیسۆر چالنجەر)،وە بەناوبانگترین ڕۆمانی(جیهانی ونبووە)،نزیکای چل بەرهەمی جۆراوجۆری هەیە،لەگەڵ (١٠)شانۆگەری،وە چوار شعریش،وە زیاتر لە(٥٠)کتێب لەبارەی کۆمەڵگەو سیاسەتو سەربازییەوە،وە کتێبێکی جوانی هەیە بەناوی(بیرەوەرییەکان و سەرکێشییەکان).

*　　　*　　　*



چەنـــدین وێنەکـــێش مانـــدووبون بۆکێشـــانی وێـــنەی شـــــێرلۆک،بەڵام بەناوبـــــانگترین ومەزنترینیــــــان وێــــــنەی وێنەکێشـــــی ئینگلیـــــزی ((ســـــــدنی باجیـــــــت))بوو کەخـــــاوەنی وێنەکـــــانییەتی هەرلەکـــــاتی لەدایکبـــــونی کـــــارەکتەرەکەوە هەتـــاوەکو مردنـــــی،وێنەی شـــێرلۆکی لەچـــاوی خوێنەراندا چاپکردبوو بەدرێژایی ساڵەکان.

وەســـــەیر لەوەدایە کەگۆڤـــارەکە ســـــەرەتا بەدوای ســــــــدنیەوە نەبـــــــوون بەڵکــــــــو لەدوای براگەورەکەیەوەبـــــــــوون واڵتر،چـــــــــونکە ســـــەرکەوتوو بــــوو لەکێشـــــانی وێـــــنەی چیرۆکـــــی((دورگەی گەنجیـــــنە))و رۆبنســـــۆن کـــــروز،بەڵام هەڵە لەپەیوەندیکردنـــــدا ڕوویـــــداو بووە هۆی بانگهێشتکردنی سدنی،برابچووک.

بۆکێشـــانی وێـــنەی یەکەم بڵاوکـــراوەی شـــێرلۆک لەگۆڤـــاری ســـتراند لەنیـــوەی ســـاڵی١٨٩١،وە کـــاریگەری ســـــەرکەوتنی وێنەکـــان بەقەدەر چیـــرۆکەکە گرنـــگ بـــوو،وە ســـدنی بەردەوام بـــوو لەکێشـــای وێـــنەی شـــێرلۆک تاکـــاتی مردنـــی لەســـــاڵی ١٩٠٨،ژمـــــارەی ئەووێنـــانەی کەکێشـــابووی (٣٥٧)وێـــنەی ڕازانـــدبووە بـــۆ ٣٨ چیرۆک.

کاتێـــک ســـدنی مـــرد گۆڤـــاری ســـتراند وێنەکێشـــی دیـــکەی هێنـــا،ئەوانەی کەبەشـــدارییان کـــرد لەکێشـــــانی وێـــــنەی زنجیرەی((کۆتـــــا چیرۆک))بـــــریتییە بـــــوون لە((وڵتـــــر باجیـــت،براگەورەی ســـدنی-ئـــارثەر تویـــدڵ-جلبـــرت هالیـــدی-ئالیـــک بـــۆڵ-جۆزێـــف سمبســـــون))،کۆتا زنجیرەش(کەیســـــەکانی شـــێرلۆک هۆڵمز)،کەســـێ وێـــنە کـــێش تیایـــدا بەشـــداربوون لەوانە((أ.جلبـــرت-هـــاوارد ألکـــوک وفرانک وایڵز ))بوون.

ئەمەلەکـــۆپی هـــۆڵمز لەبەریتانیا،لەئەمریکـــا گۆڤاری(کۆلیرز)چەنـــد وێنەکێشـــێکی دیکەیـــان هێنـــا بەناوبانگترینیـــان (فردریـــک دۆز ســـتیل،هاید،جۆزف فریـــدرچو ڕچاردگوچمـــت) بوون.

# تۆوی پێنج پرتەقاڵەکە

کاتێک بەخێرایی چاوئەخشێنم بەتێبینی وتۆمارەکانم بۆکەیسی شێرلۆک هۆڵمزلە نێوان ساڵانی ١٨٨٢ بۆ ١٨٩٠ تووشی سەرسوڕمان دەبم کە دەبینیم ژمارەیەکی زۆر لەچیرۆکەکان تایبەتمەندییەکی سەیرو بەجۆش و خرۆشی لەخۆی گرتووە کەبەئاستەم دەتوانم دیاری بکەم کەکامەیان هەڵبژێرم بۆباسکردن ، کامەیان وازلێبێنم!

بەهەرحاڵ هەریەک لەم کەیسانە ڕیکلام وناوبانگێکی زۆری بەدەست هێنا لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە،

بەڵام ڕێگەشیان نەدا کەهەندێک لەوانە بڵاوبکرێتەوە هەرچەندە کەهاوڕێکەم توانایاکی گەورەی تێدابووە،وەهەندێکی دیکەش بەبێ کۆتای بووە،وەهەندێکی دیکەلەو کەیسانە بەشێوەیەکی بەش چارەسەرکران نەک لەڕووی بەڵگەیەکی تەواوی لۆژیکی.وە کەیسێکی لەم جۆرەم هەیە کەتایبەتمەندی ئەم چیرۆکە ئەوەبوو کەسەرنجڕاکێش و چاک بوولەوردەکاریو ئەنجامەکانیدا،لەگەڵ ئەوەی کەهەندێک خاڵی بەتەواوی ڕونیش نەکرابوونەوە،یان لەوانەیە هەرگیز روون نەکرابێتەوە.

لەساڵی١٨٨٧ سەرقاڵبووین بەزنجیرەیەک کەیسی درێژ کەلەوپەڕی گرنگیدا بوون، لەوانە،سەرکێشییەکانی ئەنجومەنی نیابی لەبرادۆڵ وسەرکێشییەکانی کۆمەڵەی قەشەکان کەیانەیەکیان لەژێر

زەمینی یەکێک لەگەنجینەی کەرەستەی ناوماڵ بنیاد نابوو،وەداتاکانی پەیوەست بە ونبوونی کەشتی ئەندرسۆنی بەریتانی،وەسەرکێشییە سەیرەکانی خێزانی پاترسۆن لەدوورگەی ئەوفا،وەلەکۆتایدا کەیسی ژەهر خواردنی کامبرویڵ.وەلەم کەیسەی کۆتایدا شێرلۆک توانی لەڕێگەی پڕی کاتژمێری بکوژەوە ئەوە بسەلمێنێت کەپێش دووکاتژمێر پڕڕبووە،بەوەش کوژراوەکە ویستویەتی بڕواتە سەر جێگە لەوکاتەدا،ئەم ئەنجامە ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لەچارەسەرکردنی ئەم کەیسە.هەموو ئەم کەیسانە لەکاتێکی دیکە بۆتان دەنوسم،بەڵام هیچیان ئەوندەی زنجیرەی((جلوبەرگە سەیروسەمەرەکان))تایبەت نیین.

***

لەکۆتا ڕۆژەکانی مانگی ئەیلوول ڕەشەبای وەرزی بەتوندییەکی نائاسایی تێدەپەڕی،باران بەتوندی لەپەنجەرەکانی دەدا وەکو ئەوەی کەدەیەوێت بیشکێنێت.

کاتێــــک ئێـــواره داهــــات ڕەشـــەبا بەهێزتردەبـــوو،لەلای ئـــــاگردانەکەوه بــــاوەکو منــــداڵێکی بچـــوک هــــاواری دەکرد.شــــــیرلۆک لەلایەکــــــی ئــــــاگردانەکەوەبەبێزاری دانیشـــــتبوو چـــــاوی دەخشــــاندەوه بە تۆمــــــاری کەیســــەکان،لەکاتێکدا منــــیش لەلایەکــــــی دیــــکەی ئـــاگردانەکەوه دانیشـــتبووم کە نقـــوومی خوێنـــدنەوەی چیرۆکێکــــی دەریــــاوانی بوبـــوم لەنوســـینی (کـــلارک ڕاســـڵ) تەنــــانەت ئەوەنــــده نقــوم بــووم کە وامــــدەزانی ڕەشـــەباکە تـــێکەڵ بـــووه لەگەڵ دەقەکــــانو دڵۆپەکــــانی بــــــاران تێکەڵبـــــــــووه لەگەڵ شـــــــــەپۆلەکانی دەریاکانـــــــــدا!لەبەرئەوەی کە ژنەکەم گەڕابــــــــووه بۆســـەردانی دایکــــی منـــیش گەڕابــــومەوه بـــۆ خـــانووه کۆنەکەم لەبەیکەر بۆ چەندڕۆژێک،

ســـەرم ســـوڕما کاتێـــک هـــاوڕێکەم ســـەیری کردمـــوو وتـــی:-ئەوەزەنـــگە بێگومــــان!ئەبێ کـــێ بێـــت بەم شـــەوه هاتبێت؟!ئایا ئەکرێت یەکێک لەهاوڕێکانی تۆبێت؟

وەڵامــــم دایەووتـــم:-بـــێجگە لەتـــۆ هـــیچ هـــاوڕێیەکی دیکەم نییە.وەحەزم لەسەردانیکەریش نییە.

-کارمەنده کەواتە؟

-ئەگەر وابێـــــــــت کەیســـــــــێکی مەترســـــــــیداره بێگومـــــــان؛ئەگەر وانەبـــــــێ ئەبـــــــێ چ شـــــــتێک والەکەســـــێک بکـــــات لەشــــــەوێکی وادا و لەم کـــــاتە درەنگە دەربچێت.بەڵام

ئەگەری زۆرە یەکێـــــک بێــــت لەمیوانــــانی خـــاوەن ماڵەکە.

بەهەر حــــــــاڵ شـــــــــێرلۆک هەڵەبــــــــوو لەپێشــــــبینیەکەی،کاتێک گوێمــــــان لە هەنگاوەکــــــانی بــــوو لەمەمەڕەکەدا و لێــــــدانی لەدەرگاکە،شـــــێرلۆک ڕوونـــــاکییەکەی بەئاڕاســـــتەی کورســــــییە چـــۆڵەکە ســــوڕاند بــــۆئەوەی ســــەردانیکەرەکە لەســـــەری دابنیشێت، دواتر وتی:-وەرە ژوورەوە.

گەنجێکـــــی شـــیک پـــۆش هــــاتە ژوورەوە وادیـــاربوو تەمەنـــــی (٢٢)ســـاڵ بوو،ڕوخســـارێکی باشــــو نەرمـــی هەبـــــووچەترێکی بەدەســــــتی هەڵگرتبــــــوو،جلێکی دژەبـــارانی درێـــژی دەوشـــاوە کەســــەرەڕای خراپـــی کەشەکە لەبەری کردبوو.

شــــێرلۆک بەچـــاوێکی نیگەرانیــــیەوە لەژێـــــر زەردی ڕوونـــــاکییەکەوە ســــەیری دەکرد.دەمتــــوانی بەڕوونـــــی ڕوخسارە نیگەرانەکەی ببینم،

وتی:-قەرزاری تۆم بەداوای لێبوردن...

چـــاویلکە ئـــاڵتونییەکەی لابـــردوو وتـــی:-هیوائەخـــوازم کەخــــۆمم هەڵنەقورتانــــــدبێت لەم کاتەدا،وەهەســــــتەکەم کەهەنــــدێک پاشــــماوەی ڕەشــــەباو بــــارانم هێنـــابێتە ژوورە گەرمەکەتەوە.

هۆڵمز وتی:-چاکەتو چەترەکەتم پێبدە،

لێـــره هەڵیدەواســـم بـــۆئەوەی وشـــک ببێـــتەوە ،وەکـــو ئەوەی ئەیبینم لەباشوری خۆرئاواوە هاتووی.

-بەڵـێ لەهۆرشام.



ئەم تـــــــێکەڵەیەی بەردە لەقـــــــورِو گەچ کەئەیبیـــــــنم لەسەرپەنجەکانی قاچت زۆر ناوازەیە.

-هاتووم داوای ئامۆژگارییەکت لێبکەم.

-ئەمە شتێکی ئاسانە.

- وە یارمەتی.

- ئەوەندەش ئاسان نییە.

- لەبـــارەی تـــۆوە شـــتم بیســـتووە بەڕێـــز هۆڵمز،میجـــۆر برندگاســـت پێیـــی وتـــم کەچـــۆن ئەوت ڕزگـــارکردووە لەئاژاوەکەی یانەی تانکرفیڵ.

- اەە،بێگومان،تۆمەتبـــــار کرابـــــوو بەگـــــزی کـــــردن لەیارییەکدا.

- وتـــی تـــۆ ئەتـــوانی هەمـــوو شـــتێک چارەســـەر بـــکەی .

- زیادەڕۆی کردووە لەقسەکانی.

-وەتۆ هەرگیز نەدۆڕاوی.

- چـــوار جـــار بەزاوم.ســـێ جـــارلەگەڵ پیـــاوو جارێـــک لەگەڵ ئافرەتێک!

- بەڵام ئەمە بەراورد ناکرێت بەسەرکەوتنەکانت.

- بەڕاســـــت، بەشـــــێوەیەکی گشـــــتی بەڵـــــێ مـــــن سەرکەوتووم.

- کەواتە لەوەیە لەگەڵ مندا سەربکەویت.
- تکـــــایە کورســـــییەکەت نزیـــــک بـــــکەرەوەلە ئاگردانەکەو وردەکاری کەیسەکەتم پێ بڵێ.
- کەیسێکی ئاسایی نییە.
- هــــاموو ئەوکەیســــانەی کەبـــۆم دێـــن ئاســـایی نین،کاتێـــــک لەکەیســــەکانیدا گیـــــردەکەن مــــن کۆتاپەناگەم کەپەنای بۆدەبەن.
- لەگەڵ ئەوشـــــــارەزاییەی ،کەهەتە گومــــــانم هەیە کەگوێبیســـــتی کەیســـێکێ واشـــاراوەو زنجیـــــرە ڕووداوێکـــــی واســــەیر بـــوبێتی کەڵە خێزانەکەمـــدا ڕوویداوە.

هــــۆڵمز وتـــــی :-تۆتــــامەزرۆمەکەی، داتـــــا بنەڕەتییەکــــانم پـــێ بڵـــێ ،دواتـــــر هەرشـــتێک گرنگ بوو بەلامەوە پرسیارت لیدەکەم.

گەنـــــجەکە کورســــــییەکەی بەرەو ئـــــاگردانەکە ڕاکێشــــاو پێـــیە تەڕەکـــانی نزیـــــک کـــــردەوە لەئــــاگرەکە ،دواتــــــر وتــــــی:-نـــــاوم (جـــۆن ئۆبنشـــــۆیە)،پێم وابێــــــت کەپەیوەنــــــدییەکی ڕاســـــتەوخۆم نیـــــیە بەم کەیســــە خــــراپەوە. ئەوەبـــــابەتی مـــــۆروثە،وەئەبێ بگەڕێـــــمەوە بۆســــەرەتا بـــۆئەوەی بیرۆکەیەکـــت پـــێ بـــدەم لەســــەرداتاکان،ئەبێ ئەوەبزانــــی کەبـــاپیرم دوو کـــــــوڕی هەبوو،مـــــــامە ئیلیاســـــــم،وەباوکم جۆزێف،وەبــــاوکم لەکـــــوفنتری کــــــارگەیەکی هەیەلەکاتی دروستکردنی(پایسکیلی هەوای)

کارگەکەی فراوان کردووە،وەخاوەنی داهێنانی چەرخی ئۆبنشۆی نەشکانە((لیرەدا مەبەستی ئەوەیە کەشتێک نەتوانرێت کەبشکێنریت بەهەرشێوەیەک بێت))، وەئەم کارەی سەرکەوتێکی گەورەی بەخۆوە بینی کەتوانی بیفرۆشێتەوە بەپارەکەی خانەنیشین بێت وپاشەکەوتێکی باشیشی هەبوو،وە مامەم کۆچی کردووە بۆئەمریکا کاتێک کە گەنج بووە و وەکو جوتیار لەفلۆریدا کاری کردووەو باش بووە،کاتێک جەنگ ڕاگەیەنرا لەسوپای جاکسۆن جەنگی کردووە،لەسوپای ڵود گەشتە پلەی نەقیب،کاتێک ژەنراڵ(لی)خۆی بەدەستەوە دامامەم گەڕایەوە بۆکێڵگەکەی بۆماوەی سێ بۆ چوار ساڵ،لەدەوروبەری ساڵی ١٨٦٩ یان ١٨٧٠ گەڕایەوە بۆئەوروپاو زەوی کێڵگەی کڕی لەسسکس لەنزیک هۆرشام.مامەم سەروەتێکی گەورەی لەئەمریکا بەدەست هێنا،ئەوتی بۆیە ئەوێی جێ هێشتووە چونکە ڕقی لەڕەشپێستەکان بووە وسیاسەتی جمهووریيەتی ڕەتکردۆەوە لەبەرئەوەی لەلای ڕەشتپێستەکان بووە.

پیاوێکی تەنهابو،توندوتیژ بوو وەکاتێک تووڕەدەبوو زمانێکی زبری هەبوو،تەنانەت گومانم هەیە کەتەنهابۆجارێکیش بێت رۆشتبێتە ناوشارەوە کاتێک لەهۆرشام بوو،لەماڵەکەیدا باخچەیەکو دوو یان سێ کێڵگەی هەبوو،وەزۆربەی جار هەفتە درێژەکانی لەژوورەکەیدا بەسەردەبرد،بەخواردنەوەو وبەخراپی

جگەرەی دەکێشا وەڕەتی ئەکرد وەکەتێکەڵ بێت لەخەڵکی وەهاوڕێشی نەئەویست ،تەنانەت براش.

بەڵام لای ئاسایی بوو کەمن لەگەڵیدابم،لەڕاستیداکاتێک یەکەم جارمنی بینی تەمەنم نزیکی دوانزە ساڵدەبوو هێشتابچووک بووم،ئەوەش لەساڵی ١٨٧٨ دوای تێپەڕبوونی هەشت بۆنۆساڵ بوو کەئەوئینگلتەرای جێهێشتبوو،وەپاڕایەوە لەباوکم کەمن بڕۆمو لەگەڵی بژیم،بەشێوازی خۆی باشبوو لەگەڵم،تەنانەت ئەویاری تاوڵەو داماشی لەگەڵ دەکردم کاتێک کەسەرخۆش نەبوو،ئەو منی کردی بەمندوب بۆئەوەی قسەلەگەڵ خزمەتکارو بازرگانەکان بکەم؛وەلەتەمەنی شانزە ساڵیدا گەورەی ماڵەکەبوموو کلیلی هەموو ماڵەکە لەژێر دەستم دابوو،بۆهەرکوێ بم ویستایە دەڕۆشتموو هەرشتێکیشم بویستایە دەمکرد.

بەڵام ژوورێکی داری هەبوولە نهۆمی سەرەوە کەهەمیشە داخراوبوو ڕێگەی نەبەمن نەبەهیچ کەسێکی دیکە نەئەدا کەبچینەئەوێ، وەفزوڵییەتی منداڵانە وای لێکردم کەلە شوێنی کلیلی دەرگاکەوە سەیری ناوەوە بکەم بەڵام هیچ شتێکم نەبینی بێجگە لەسنوقوو پشتوێنێکی کۆن وەکو ئەوەی کەچاوەڕوان دەکرا لەژوورێکی وەها کۆندا ببینرێت،لەیەکێک لەڕۆژەکانی مانگی ئازاری ١٨٨٣لەسەر مێزەکە لەنزیک دەوری مامەم دا نامەیەکم بینی کەپولی پۆستەی پێوەبوو.

شـــــتێکی ناســــــراو نەبـــــوو بەلای ئەوەوە نـــــامەی بۆبێت،لەکاتێکـــدا هەمـــوو وەســـڵەکان بەکـــاش پـــارەی دەدا و هـــــیچ جـــــۆرە هـــــاورێیەکی لەو شێوەشـــــی نەبوو،نـــــــامەی بەرزکــــــــردەوە وتـــــــــی:-لە هندســـــتانەوە؟مۆری پۆســـــتەی بوندشـــیری!ئەبێ چـــی بێت ئەمە؟

بەخێرایـــی کــــردییەوەو پێـــنچ تـــۆوی وشـــکی پرتەقـــاڵ کەوتنە سەردەورییەکە!

دەســـتم کـــرد بەپێکەنـــین،بەڵام پێکەنیـــنەکەم ڕاوەســـتاند کاتێـــک کەشـــێوەی ڕووخســـاریم بینـــی، لێوەکـــانی شـــــۆڕببونەوەو چاوەکـــانی دەرپەڕیـــــوو ڕەنگـــــی ڕووخســـــاری گۆڕابـــــوو،بەلەرزۆکییەوە هێشـــــتا نـــامەکەی بەدەســـــتەوەبوو،دواتر هـــاواری کـــردوو وتی:-ك.ك.ك!ئای خوایە پێیان زانیم!

وتم :-چی ڕوویداوە مامە؟

وتی:-مردن!

دواتـــر منـــی لەســـەر مێـــزەکە بەجـــێ هێشـــت منـــیش لەترسا ئەلەرزام.

زەرفەکەم بـــــردوو نـــــامەیەکم بینـــــی کەبەخەتێکـــــی ناشـــرین بەمرەکەبێکـــی ســـوور لەبەرگـــی نـــاوەو ســـێ جـــــار پیتی((ك.ك.ك))نوســـــــرابوو،وەهیچ شـــــتێکی تـــرلەگەڵ پێـــنچ تـــۆوە وشـــکەکە نەبوو!هۆکـــاری ئەم تۆقیوێ ئەبێ چی بێت کەتوشی بووە؟

مێـــــــزی خـــــــواردنەکەم بەجێهێشـــــــــت،کاتێک بەپلیکانەکانـــدا دەڕۆشـــتمە خـــوارەوە بینـــیم کەکلیلێکـــی ژەنگـــاوی پێیـــوو دەهـــات خـــوارەوە،درکم بەوەکـــرد کەئەبـــێ کلیلـــــی نهـــۆمی سەرەوەبێت،لەدەســـــتەکی تریشـــی ســـندوقێکی مســـی پێیـــوو کەدیـــاربوو پـــارەی تێـــدابوو،دواتر وتــــی:-هەر شـــتێک ئەیـــانەوێ بـــابیکەن ... سوێن دەخۆم کەبەسەریاندا سەردەکەوم .

بەمـــــــاری بڵـــــــێ کەپێویســــــــتم بەئـــــــاگرە لەژوورەکەم،وەبنێــــرە بەدوای فۆردهــــامی پـــارێزەر لەهۆرشـــام،وام کـــرد هەروەکـــو چـــۆن فەرمـــانی پێکردم،کاتێـــک پـــارێزەرەکە گەشـــت پێیـــی وتـــم کەلەگەڵیـــــا بمێـــــنمەوە لەژوورەو ئاگرلەئاگردانــــاکە دەلەرایـــــیەوە وردە خـــــۆڵمێش وەکـــــو پەڕەیەکـــــی ســـــووتاو لەوناوەدابوو،ســـــندوقە مســـــییەکە کـــــراوەو بەتـــاڵ بـــوو،وەتێبینیم کـــرد کەلەســـەر ســـندوقەکە ســـێ جـــــار نوســـــراوە(ك.ك.ك)وەئەوە هەمـــــان شـــــتە کەلە زەرفەکەی بەیانیدا خوێندمەوە!

مـــامەم وتــــی:-هیوائەخـــوازم ببـــیە شـــایەت لەســـەر وەسێتەکەم جۆن.

هەمـــــــــــوو شـــــــــــوێن کـــــــــــــێڵگەکە بەهەمووچاکونـــــاتەوەوبیەکەوە جێـــــدەهێڵم بۆباوکـــــت کەلە کۆتایشـــــدا بۆتـــــۆدەبێ بێگومـــــان.ئەگەر توانیـــت بەئاشـــــتییوە چێـــــژی لێببینـــــی ئەوا خێـــــری تێـــــدایە بـــــۆت،ئەگەر زانیشـــــت کەنـــــاتوانی ئەوا شـــــوێن ئامۆژگارییەکـــــانم بکەوە ــــــــ کـــــورەکەم ــــــــداوای لێیـــــــــوردنەکەم کەشـــــــــتێکت پـــــــــێ دەدەم بەمنـــــاکۆکییەوە،بەڵام نـــــازانم هەتـــــاکەی درێژەدەکێشـــــێ ئێستا،

تکایە ئەولاپەڕانە ئیمزا بکە کەبەڕێز فۆردهام ئاماژەی پیدەکا.

ئەولاپەڕەیەم ئیمزا کرد کەبەڕێز فۆردهام ئاماژەی پێکردوو لەگەڵ خۆی برد.وەئەو ڕووداوە خراپەکاریگەرییەکی قوڵی لەسەرم جێ هێشت،زۆر بیرم لێکردەوەلە مێشکی خۆمدا هاوردمو بردم بەڵام نەگەشتمە هیچ ئەنجامێک،هەروەها نەمدەتوانی ئەو هەستە نامۆو شاراوەیە لەناخمدا وازلێبێنم کەلەناخمدا بۆخۆمم دروستکربوو،هەرچەندە ئەو هەستە بەتێپەڕبوونی هەفتەکان کەمتردەبوو بەڵام نەحشەی ژیانمانی نەگۆڕیبوو،تێبینم کرد کەمامەم لەجاران زیاتری دەخواردەوە،کەمتربۆ کۆڕوکۆبوونەوەکان دەچوو وزۆربەی کاتەکانیشی لەژوورەکەی بەقفڵ کراوی بەسەردەبرد،وەهەندێک جاریش بەسەرخۆشییەوەو بەچەکێکەوە دەهاتەدەرەوە لەژورەکەی وهاواری دەکرد کەلەکەس ناترسێتوو کەس ناتوانێت ئەوببەزێنیت!کاتێک دەگەڕایەوە ژوورەکەی بەتوندی دەرگاکەی دەگرتوو وەکو کەسێک کەناتوانێت کێبڕکێ بکات لەگەڵ ئەوترسەی کەکۆنتڕۆڵی کردووە لەوەش قوڵتر.

سەرەڕای ئەوکەشە ساردەی کەهەیبوو تێبینی ئەوەم دەکرد کەئارەقێکی زۆری دەکردەوە!

باشە،وەلەکۆتایدا بۆئەوەی لەسەرتی درێژ نەکەمەوەو بێ سەبرنەبی بەڕێز هۆڵمزئەوشەوە هات کە یەکێک لەگەڕانەکانی خۆی کردوو،وەئەولەوپەڕی ژیرێتی خۆی بوو،بەڵام هەرگیز نەگەڕایەوە!

ئەومان لەباخەکەی دیکەدا دۆزیەوە کەسەری لەناوگۆمێکدا بوو گیالەسەری بوو . هیچ ئاسەوارێکی توندوتیژیشی پیوەنەبوو ئاوەکەش لەپێییەکانی تێ نەدەپەڕی،پشکنەرەکان سەیری ئەودیمەنە ترسنەکەیان کردوو گەشتنە ئەوەی کە خۆکوژی بووە،ڕووبەری ئەستەم دەبوومەوەکەبیر لەوە بکەمەوەکە مامەم بیرلەخۆکوشتن بکاتەوە.



بەهەرحـــاڵ وەکـــو ئەوەی وەســـییەتی کـــرد بـــاوکم بەشـــەکەی وەرگـــرت لەگەڵ چـــوارە هەزار جـــونیەیی ئیستەرلینی .

هـــۆڵمز پێیـــی بـــڕی وتـــی:-یەک ســـات گێـــڕانەوەکەت گەورەم پـــێم وابێـــت یەکـــێکە لەکەیســـە گرنگەکـــان کەگـــوێم لـــێ بووە،تکـــایە ئەوکـــاتەم پـــێ بڵـــێ کەمـــامەت نامەکەی پێ گەشت وەکاتی کوشتنکەشی؟

ـــــــ نـــــامەکە لەدوای ئـــــازاری ســـــاڵی١٨٨٣ داگەشـــــت،وەدوای حەوت هەفـــــتە مـــــرد کەدەکـــــاتە شەوی دووەمی مانگی ئایار.

ـ سوپاس ،بەردەوامبە تکایە.

گەنـــــجەکە بەردەوام بـــــوو لەگێـــــڕانەوە:-کاتێـــــک موڵکەکـــانی کـــێڵگەکەی هۆرشـــام بۆبـــاوکم بوولەســـەر داوای مـــن دەســـتی کـــرد بەپشـــکنین لەســـەر نهـــۆمی ســـــەرەوە کەهەمیشەداخرابوو.پشـــــکنینێکی باشـــــی کرد،وەســـــندوقە مســـــییەکەمان دۆزییەوە،لەناویـــــدا لاپەڕەیەکـــــی تێـــــدابوو کەلەســـــێ پیـــــت پێـــــک دەهـــــــــات(ك.ك.ك.)،دواتر چەن وشـــــــــەیەک لەژێریـــــدائەویش ((نامەکـــــان-بیرەوەرییەکـــــان-لیســـــت-پەیوەنـــــدییەکان)).وەپێمان وابـــــوو سروشـــــــتی ئەولاپەڕانەیە کەمـــــــــامەم پێچابوییەوە،ئەوشـــــــــتانە کەتێیدابوو هیچ گرنگیەکی نەبوو،بەڵکو تەنها

هەنـــدێک ڕۆژنـــامەو بیـــرەوەری کەباســـی ژیـــانی مـــاممی دەکـــرد لەئەمریکا، هەندێکیشـــی باســـی مـــاوەی جەنگـــی دەکـــرد کەمەمەم تیایـــدا خزمەتـــی کـــردووە وەئەوەی پیشـــــــــــــان دەدا کەچەنـــــــــــــد بوێربووە،وەهەنـــــدێکیش ســـــەبارەت بەدووبـــــارە بنیادنـــــانەوەی ویلایەتاکـــــانی باشوور ،بەشـــــێوەیەکی گشـــــتی پەیوەنـــــدی بەسیاســـــەتەوە بـــــوو،وەڕۆڵی هەبـــــــــوولەدژایەتیکردنی ئەوسیاســـــــــیانەی کەلە بـــاکوورەو هـــاتبوون .بـــاوکم ڕۆشـــت بـــۆئەوەی نیشـــتەجێ ببـــێ لەهۆرشـــام لەســـاڵی١٨٨٤ ،هەمـــوو شـــتێک بەباشـــی تێـــئەپەڕی هەتـــاوەکو کـــانونی دووەمـــــــی ســـــــاڵی١٨٨٥ ،چـــــــوارڕۆژ دوای ئـــاهەنگگێڕان بەســـــەری ساڵ،سەرمســـــوڕما بەوەی کەبـــاوکم وتـــی،ئێمە لەســـەرمێزی نـــانخواردن بـــووین .دانیشـــتبوو لەیەکێـــک لەدەســـتەکانی زەرفێکـــی پێیـــوو کەپێـــنج تـــۆوی وشـــکی پرتەقـــاڵی تێـــدابوو ،گـــاڵتەی بەوچیرۆکـــانەدەکرد کە مـــن دەمگـــووت لەســـەرمامەم بەڵام لەوکـــاتەدا تـــرس دایگرتبـــوو و توشـــی هەمـــان ترس ببوو.

بەتەنڵـــیەکەوە وتـــی:-بۆخـــاتری خـــوا ئەممەمانـــای چییە؟ چۆن؟!

هەســـتم بەقورســـییەک کردلەســـەر دڵـــم و وتـــم :-ئەوە(ك.ك.ك.)یە.

ســـەیری نـــاوەوەی زەرفەکەی کـــردوو وتـــی:-ئەوە وایە... ئەوەتاهەمان پیتە سەیرکە!

بەڵام ئەمە چییەکەلە سەرەوە نوسراوە؟

لەسـەر شـانییەوە سـەیرمکردوو خوێنـدمەوە :(( کاغەزەکان بخە ناوکاتژمێری هەتاوی)).

بـاوکم پرسـی:-چ لاپەڕەیەک؟وەچ کـاتژمێرێکی هەتاوی؟!.

وتـم:-کـاتژمێری هەتـاوی لەناوبـاخەکەیە بـێجگە لەوەهیچـی تـر نییە،وە کاغەزەکـانیش ئەبـێ ئەوەبـێ کەمامەم پێچاوییەتییوە پێش مردنی.



باوکم هەوڵی ئادا کەبوێری خۆی کۆبکاتەوەو وتی:-پڕوپوچ،ئێمە لەشارێکی پێشکەوتودا دەژین قبوڵی ئەم کارەمنداڵانە ناکەم .ئەم نامەیەلەکوێوە هاتووە

وەڵامم دایەوەوسەیری مۆری پۆستەکەم کردو وتم:-لەدندی یەوە.

باوکم وتی چ گاڵتەیەکی قبوڵ نەکراوە!من چ پەیوەندییەکم بەکاتژمێری هەتاویو کاغەزەوەهەیە؟گرنگی نادەم بەم شتەپڕو پوچانەوە.

وتم:-ئەبێ بەپۆلیس بڵێیین.

ـــ هیچ شتێکی لەوشێوەیە ناکەم ، ڕێگە بەخۆم نادەم بۆئەم شتەگاڵتەجاڕییانە.

ـ کەواتە ڕێگە بەمن بدە.

ـــ نەخێر،من ڕێگەت پێ نادەم،ڕێگەش نادەم ئاژاوەیەک بەهۆی ئەم گاڵتە جاڕییەوە دروستبکەی.

پیاوێکی کەڵلە ڕەق بوو قسەکردن لەگەڵی بێسوود بوو.

دواتر خۆشبەختانە باوکم ڕۆشت بۆسەردانی یەکێک لەهاوڕێ کۆنەکانی،کەئەویش میجۆر فریدی بوو کەفەرماندەی یەکێک لەسەنگەرەکان بوو لەپورچدان.

لەسێییەم ڕۆژی گەشتنی نامەکە ڕۆشت،بەڕۆشتنی دڵخۆش بووم.

وابۆم دەرکەوت کەهەتا لەماڵەوە دووربێت مەترسی کەمتر ئەبێت، هەڵەبووم لەوەدا،بریسکەیەکم لەلایەن میجۆر فرییدی پێگەشت کەتیایدو داوای لێکرمم بەپەلە بگەمەلای.

باوکم کەوتبووە ناویەکێک لەچاڵە قوڵەکانی ئەودەوروبەرە کەلەوێدا بڵاوە،ئێسکەکانی شکابوو،ڕۆشتم بۆلای بەخێرایی،بەڵام بەبێ ئەوەی دووبارە هۆشی بێتەوە مرد،وادیاربوو لەبەرەبەیاندا لەفیرهامەوە دەگەڕاییەوە بۆماڵەوە،پشکنەرەکان وتیان ناوچەکە بۆی نامۆ بووە بۆیە بەبێ هیچ شتێک وتیان مردنێکی بەڕێکەوت بووە، پشکنینم بۆهەموو سەرەداوێک دەکرد بەهیوای ئەوەی هۆکاری مردنەکەی بزانم بەڵام نەگەشتمە هیچ شتێک، هیچ ئاسەوارێکی توندوتێژیو شوێن پێی لێ نەبوو، هیچ کەسێکی نامۆم نەبینی لەڕێگادا، سەرەڕای ئەم هەموو شتە بەڵام دڵم هیچ ئاسوودە نەبوو،، دڵنیابووم کەپلانێک لەدژی گێڕدرابوو.

بەم ڕێگا شوومە میراتیم بەدەست هێنا لەوانەیە لێم بپرسی:-بۆچی لەکۆڵم نەکردۆتەوە؟ وەڵامەکەش ئەوەیە کەدڵنیابووم ئەمە پەیوەندی بەژیانی مامەوە هەیە ،وەمەترسی بەردەوامە ئەگەرلەم ماڵە یان لەیەکێکی دیکەبم.

باوكی بێچارەم لەكانونی دووەمی ساڵی١٨٨٥ مرد ئەوە دووساڵو هەشت مانگ بەسەریدا تێدەپەڕێت وەبەخۆشی تیایدا ژیام لەهۆرشام،وەهیوام ئەخواست كەئەم نەفرەتییە لەگەڵ ئەم جیلە كۆتایی پێ هاتبێت،بەڵام دیاربوو كەمن زوتر خۆمم دڵنیا كردبووە،هەتاوەكو دوێنێ هەمان شتم پێگەشت كەباوكم پێیشتر پێی گەشت،گەنجەكە زەرفێكی لولی لەباخاڵی چاكەتەكەی دەرهێنا،دواتر ڕوویكردە مێزەكەو پێنج تۆوی وشكی پرتەقاڵی هەڵدایە سەر مێزەكەو وتی:-ئەوە زەرفەكەیەو مۆری پۆستەكەیە؛لەندەن بەشی خۆرهەڵات .وەلەناویدا هەمان پیتی باوكمی تێدابوو (ك.ك.ك) وەدواتر ((لاپەڕەكان بخە ناوكاتژمێری هەتاوی)).

هۆڵمز پرسی:-چیت كرد؟

ـ هیچ شتێكم نەكرد.

ـ هیچ شتێک؟

ڕووخساری داپۆشی بەدەستە لاوازەكانی ووتی :- ڕاستییەكەت پێ دەڵێم .هەستم بەلاوازییەكی تەواو كرد وەكو ئەوكەروێشكە بێچارانە كە مارێک دەحشێت بەلایدا.

وەکـــوو دەردەکەوت کەوتبـــوومە نـــاوچینگی تـــۆڕێکی شەڕاوی کەهیچ شتێکی پێش وەختە نام پارێزێت.

شـــێرلۆک بەبۆڵەبـــۆڵەووە هـــاواری کـــرد و وتـــی:- کـــوڕە. ئەبـــێ شـــتێک بکەیـــت .ئەینـــا لەناودەبرییـــت .کاتی خەمباری نییە.



تەنها هێز ڕزگارت دەکا.

ـ ڕۆشتم بۆلای پۆلیس.

ـ دواتر چی؟

ـ گوێیـــان لێگرتمـــوو پـــێ ئەکەنـــین ، بـــڕوام وایە کەپشـــــکنەرەکە ڕای خـــۆی جێگیـــــر کردبـــــوو لەســـەرئەوەی کە نامەکـــان هـــیچ شـــێک نـــین جـــگە لە گاڵتەجـــــاڕییەک ،وەمردنـــــــی خزمەکـــــانم تەنهـــــا ڕووداوێـــــک بـــــوو هەروەک، ئەوەی کەپشـــــکنەرەکان وتیان هیچ پەیوەندییەکی بەئاگادار کردنەوەوە نییە.

هـــۆڵمز مەچەکـــی لەرانـــدە لەهـــاواداو وتـــی:-ئەم بـــێ ئەقڵییە مایەی قبوڵ نییە!

ـــــــ بەڵام بەهەرحــــــاڵ ڕێگەیانـــــدا کەپۆلیســـــێک بێتەماڵەوەو بمێنێتەوە.

ـ ئەولەگەڵتە ئێستا؟

ـ نەخێر فەرمانەکە ئەوەیە لەماڵدا بمێنێتەوە.

هـــۆڵمز جـــارێکی دیـــکە مەچەکـــی لەرانـــدەوە لەهـــاواداو وتـــی:-چـــی تـــۆی هێنـــاوە بـــۆئیرە ئێســـتا کەکـــاتەکەی درەنگبـــووە ؟لەوەش گرنگتـــر ئەوبـــۆ نەهات لەگەڵت لەم کاتە هەستیارەدا؟

ـــــــ نەم ئەزانی،ئەمـــڕۆ کێشـــەکەی خـــۆمم بۆمیجـــۆر برندگاســـت باســـکردوو ئامۆژگـــاری کـــردم کەبـــێم بۆلای تۆ.

ـــــ دوو ڕۆژ تێپەڕییــــوە لەوکـــــاتەوەی کەتـــۆ نـــــامەکەت بەدەســــــت گەیشـــــتووە،وەئەبوایە پــــێش ئەوە ئـــــێمە کارێکمـــان بکـــردایە،پێم وابێـــت تـــۆ هـــیچ بەڵگەیەکـــی دیـــــکەت لانیـــیە بـــێجگە لەوەی کەبـــۆئێمەت خســـتە ڕوو ،هـــیچ بەڵگەیەکـــی تـــرت لانیـــیە کەســـودمان پـــێ بگەیەنێت؟

جۆن ئۆبنشۆ وتی:-تەنها یەک شت.

دواتـــــر باخەڵەکـــــانی پشـــــکنیو کـــــاغەزێکی شـــــینی دەرهێناو خستییە سەرمێزەکە.

وتـــی:-بیـــرمە کاتێـــک مـــامەم کاغەزەکـــانی دەســـوتاند تێبینـــــــی ئەوەم کردکەلەناوەڕاســـــــتی خۆڵەمێشـــــــەکە هەنــــدێک پـــــارچەی بچـــــووک مـــــابوون کەهێشـــــتا نەســــووتابوون،وەهەمان ئەم ڕەنـــــگ بوون،تەنهـــــا ئەم کـــــاغەزەم لەســـــەر زەوی ژوورەکـــــا دۆزییەوە،وەپـــــێم وایە کەیەکێـــــک لەکاغەزەکـــــان پێچرابـــــوویەوە،بەڵام هـــیچ شـــتێک نـــابینم کەیارمەتیمـــان بـــدات بـــێجگە لەوەی کەنـــــاوی تۆوەکـــــان هـــــاتووە وادەردەکەوێ کە کەکــــــــــــــاغەزێکە لەبیـــــــــــــــــرەوەرییە کۆنەتایبەتەکان،وەخەتەکەش بەدڵنیاییەوە هی مامە.

هـــــۆڵمز ڕوونـــــاکیەکەی جوڵانــــدو هەردوکمـــــان دانەویـــــنە ســـــەر کـــــاغەزەکە کەلێـــــوارە پەرتەکـــــانی دەری دەخســـــــــت کەلە کتێبێـــــــــک دڕابێتـــــــــو کرابێتەوە،ناونیشــــــــــــــــــــانەکەی((ئازاری ١٨٦٩ وژێرەکەی ئەم تێبینیانەی لەسەربوو:-

چوار:-هدسۆن هات، هەمان ڕارەوە کۆنەکە.

حەوت:-تۆوەکـــانم بـــۆ مـــاکولی وبـــارامۆر و جـــۆن سوین لەسێنیت کۆگستین دانا.

نۆ:-ماکولی ڕۆشت.

دە:-جۆن سوین ڕۆشت.

دوازدە:-ســـەردانی کردنـــی بـــارامۆر جـــێ بەجـــێ کـــرا، هەموو شـــتێک باشـــە،هۆلمز کـــاغەزەکەی پێچـــایەوەو دای بەمیواناکەمـــــان :-سوپاس،وەئێســــتا نابێـــــت یەک ســـانیەی دیـــکە لەدەســـت بـــدەین بەهەر هۆکارێـــک بێت.تەنـــــانەت کاتمـــــان نیـــــیە بۆموناقەشـــــەکردن لەسەرئەوی کەپێت وتم ،هەرئێستا بڕۆبۆماڵەکەت.

ـ ئەبێ چیبکەم؟

ـــــ تەنهـــایەک شـــت هەیە لەبەردەمـــدا بـــۆئەوەی بـــیکەی،ئەویش ئەوەی کەپـــارچەیەک کـــاغەز بخەیـــتە ناوســـندوقە مســـەکەوەک وەســـفت کـــرد بۆمـــان،وەئەو کاغەزەشـــــی کەدەڵێـــــی مـــــامەم ســـــوتاندویەتیو تەنهائەوەمـــان مـــاوە،ئەبێ ئەمـــانە بەوشـــە دڵنیـــایی بکەیـــتەوە بـــۆئەوەی قەناعەتیـــان پـــێ بێنێـــت،دواتر وەکـــــوئەوەی پێبیـــان وتـــــی کـــاغەزەکە بـــــخە ناوکاتژمێرێکی هەتاوی،تێگەشتی؟

ـ بەتەواوی

ـــــ نەکەی لەکـــاتی ئێســـتادا بیـــر لە تـــۆڵەکردنەوەبکەی .پـــێم وابێـــت کەدەتـــوانین بەشـــێوەیەکی یاســـایی چارەســـەری بکەیـــن،ئەڵام ئەبـــێ پیلانەکەمـــان جـــێ بەجـــێ بکەیـــن بەوشـــێوەی ئەوان کردیان،ئێســـتا ئەبـــێ هەمـــــــــوو ســــــــــەرنجێکمان لەســــــــــەرئەوەبێت کەئەومەترســـــــــــــــییە دووربخەیـــــــــــــــنەوەکە لەســـەرتۆیە،دواتر دەســـت دەکەیـــن بەئاشـــکراکردنی نهێنییەکانو شوێن کەوتنی لایەنی تاوانبار.

گەنـــــجەکە هەســـــتاوچاکەتەکەی لەبەرکــــردوو وتـــــی:- سوپاســـــــــــــــت دەکەم،دووبارەهیواوژیـــــــــــــــانم بۆگەڕایەوە،بێگومـــــان ئەوەی وتـــــت جـــــێ بەجێـــــی دەکەم.

ـــــ هـــیچ ســـاتێک لەدەســـت مەدە،وە ئاگـــات لەخـــۆت بێـــت لەکـــاتی ئێســـتادا گومـــانم نیـــیەکە مەترســـییەکی زۆرت لەسەرە ئێستا.چۆن دەگەڕێیتەوە؟

ـ بەشەمەندەفەر لەوێستگەی واترلۆ.

هێشـــتا نەبـــووە بەکـــاتژمێر نـــۆ هێشـــتا شـــەقامەکان قەرەبـــــاڵغن،پێم وابێـــــت پارێزراوترئەبیـــــت ،لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەرئاگاداربیت.

ـ من چەکدارم

ــــــ ئەمەباشە،ســـــــبەینێ دەســـــــدەکەم بەکـــــــارکردن لەکەیسەکەتدا.

کەواتە لەهۆرشام دەتبینم؟

- نەخێر ،نهێنێکەت لەلەندەنە،لەوێدا بەدوای چارەسەردەگەڕێم.

ـ کەواتە باشە،لەماوەی یەک یان دووڕۆژ هەواڵی سندوقو کاغەزەکانت پێ دەگەیەنم،بەجوانی شوێن ئامۆژگارییەکانت دەکەوم.

دواتر ماڵ ئاوای لێکردینو ڕۆشت.

***

دڵۆپی باران تادەهات زیاتر دەبوو لەسەر پەنجەرەکە،ئەم چیرۆکە نامۆو وێرانکەرە وادەردەکەوت کەلەناوەڕاستی گێژەلولکەیەک هاتبێ بۆئەوەی وەکو قەوزەی دەریا بمانبات.

شێرلۆک هۆڵمز بەبێدەنگی دانیشت و بۆماوەیەک سەری نزمکردەوەو سەیری ئاگرسوورەکەی دەکرد کەهەڵدەپەڕی،سەبیلێکی درێژی هێنا(( سەبیل شوێنی جگەرەیە کەلەسەردەمی کۆندا بەهۆی ئەوەوە جگەرەیان کێشاوە))سەیری دوکەڵە شینەکەی دەکرد کەکێبڕکێیان بوو لەسەرئەوەی بگەنە سەقفەکە،لەکۆتایدا وتی:-پێم وابێت ئەم کەیسە یەکێکە لەکەیسە ترسناکەکان واطسۆن.

ـ لەوانەیە،بێجگەلە کەیسی ((هێمای چوار)).

ـ باشە ،ئەوکەیسەم لەبیرکردبوو،

پێم وابێت ئەمەی کەناوی جۆن ئۆبنشۆیە لەمەترسییەکی گەورە گوزەر دەکات لەوەی کەخێزانی شلتۆس ڕووبەڕوی بۆتەوە.

پرسیم :-ئایا هیچڕایەکی دیاریکراوت هەیە لەسەر ئەم ڕووداوانە؟

وەڵامی دایەوەو وتی:-گومانی تێدانییە من لەسروشتی ئەم جۆرە مەترسییەم لایە.

ــــ کەواتە ئەبێ چی بێت؟وە((ك.ك.ك))چییە؟ئەبێ بۆچی کەوتبێتە شوێن ئەم خێزانە؟

شێرلۆک پەنجەکانی دەستی لەیەک ئالاندبوو چاوەکانی داخست و وتی:-شیکردنەوەی نمونەیی ئەوەیە کەیەک ڕاستی ببەیت بەهەموو وردەکارییەکەوە ئەنجامی لێ دروست بکەی،تەنها ئەوڕووداوانە نە کەپێکەوە بەستراون بەڵکو ئەنجامەکانیش کەپێکەوە بەستراون،ئەگینا چەند زانای بواری سروشتمان هەیە کەتوانی بێتی بەیەک لێکۆڵینەوە وەسفی ئاژەڵێکمان بۆبکا،وە ئەو پشکنەرەی کەلەیەک ئەڵقەی زنجیرەیەک ڕووداو بەتەواوی تێگەشتبێ ئەبێ توانای ئەوەی هەبێ کەڕووداوەکانی پێشتریش بخاتە ڕوو،ئێمە هێشتا ئەوئەنجامەمان نەدۆزیوەتەوەکە بمان بات بۆیەک شوێن،ئێمە دەتوانین لەکتێبخانەکەدا دانیشین و چارەی هەموو ئەوکێشانە بکەین کە هەموو ئەوکەسانەی گرکردووە و ئەیاناوێ لەڕێگای بەکارهێنانی هەستەکانیان چارەی ئەم کێشەیە بکەین،بەڵام بۆئەوەی بگەینەئەوپەڕی شیکارێکی لۆژیکی زەرورە لەسەر شیکەرەوە کەهەموو ئەوداتانە بەکاربێنێت کەپێی گەیشتووە،

وەئەمەش ئاماژە دەکا بەوەی کەوەکو ئەوەی بەڕوونی ئەبینی بۆهەبوونی هەموو زانیارییەک،ئەوزانیاریانە نموونەی دەسکەوتێکی دەگمەن دەگەیەنێت تەنانەت لەسەردەمی پەروەردەی بێبەرامبەر!بەتەواوی ئاستەم نییە بۆمرۆڤ کەئەوهەموو زانیارانەی هەبێ کەئەکرێت سوودی هەبێت لەکورەکەیدا،ئەمانەش ئەو شتانەیە کەکۆششێکی زۆرم بۆکردووە بۆئەوەی بەدەستی بهێنم،لەڕۆژەکانی سەرتای هاوڕێیەتیماندا بیرمە تۆتواناکانی منت ئەژمارد.

بەپێکەنینەوە وەڵامم دایەوەو وتم:- بەڵێ،بیرەوەرییەکی چاک بوو،لەفەلسەفەو زانستی فەلەکو سیاسەت وەکو ئەوەی بیرم بێت سفربووم،بەجیاوازی تۆ، لەزانستی ڕووەکەکان بووم ،لەکاتێکدا پەیوەست بووم بەزانستی چینەکانی زەویوو بەئاستێک کەتێبینی پەڵەی قوڕم کردبو، ودیاریکردنی سەرچاوەکەی لەپەنچا میل لەشاراوە،وەتۆکەسێکی سەیرو سەمەر بویت لەکیمیاو نارێک بویت لەزانستی قڵیشاندن(توێکاری)،ناوەزەبوویت لەئەدەبو تۆماری تاواناکان ،وەژەنیاری کەمانو زۆرانباز وشمشێربازوپارێزەر ....

وەک، ئاوەی بیرم بێت ئەوانەخاڵی سەرەکی بوون لەلێکۆڵینەوەکانم لەسەرکەسایەتی تۆ.

هۆڵمز پێکەنی کاتێک گوێی لەکۆتا ڕستە بوو وتی:-باشە،ئەوەی ئێستا ئەیڵێمو ئەوکاتیش وتومە ئەوەیە کەئەبێ مرۆڤ ئەقڵی خۆی لەشتی گرنگدا بپارێزێت کە پێویستی پێیەتیو،

وەئەو شـــــتانەش کەمـــــاون بخـــــاتەلاوە لەهـــــۆڵی کتێبخـــــانەکەی بـــــۆئەوەی بتـــــوانێ هەرکـــــات ویســـــتی سەردانی بکات.

بەلایەنـــــی ئەو کەیســـــەی کەئەمشـــــەو پێمـــــان گەشـــــت ئەبـــــێ هەمـــــوو ســـــەرچاوەکانمان کۆبکەینەوە،وەئێســـــتا بـــــالێکۆڵینەوە لە مەوقـــــیفەکە بکەیـــــن بـــــزانین دەگەیـــــنە چ ئەنجامێـــــک .یەکـــــم جـــــار بـــــاوای دابنێـــــین کەمـــــامەی ئۆبنشـــــۆ هۆکـــــارێکی بەهێـــــزی هەبـــــووە بـــــۆئەوەی ئەمریکا بەجێ بێڵێت،



پیـــاوان لەتەمەنـــــی ئەودا عـــادەتی خۆیـــان نـــاگۆڕنۆو ئەوکەشــــوو هەوا خۆشــــوچاکەی فلۆریــــدا نــــاگۆڕنەوە بە ژیـــانی جوتیـــاری لەئینگلـــــتەرا،لەوەیە ئەومەیـــــلە زۆرەی لەبەجێهێنیـــانی فلۆریـــدا بەهـــۆی ترســـانی بێـــت لەکەســـێک یـــان شـــتێک ،کەواتـــا گریمـــانەیەک دەخەینـــا لاوە ((ترســـــان لەکەســـــێک یـــــان شـــــتێک))،لەئەمریکا دەری هێنیــــــاوە، وەئەوەی کەشــــــــتێک بانگهێشـــــــتی ترســــــی کــــــــردووە ئەکـــــــرێتلە ئەنجـــــامی ئەوەوە وەربگـــــرین ئەوپێتـــانەی کەبەدەســـــتی خـــــۆی و دوای خـــۆی گەشـــــتووە...تێبینی مـــۆری پۆســـــتەکانت کـــــرد لەسەر نامەکان؟

ـــــــــ یەکەم لەبۆندشـــــــیر،دووەم لەدندی،وەســــــــێیەم لەلەندەن.

ـــــ لەخـــــۆر هەڵاتی لەنـــــدەن ... چـــــی لەوا بەدەســـــن دەهێنیت؟

ـــــ هەمـــــو لەدەریـــــاییەوەن،بۆیە نوســـــەری نامەکــــــان لەسەر کەشتی بووە.

ـــــــــ زۆرباشـــــــــە. ئێســــــــتا بەڵگەیەکمـــــــــان هەیە وەئەمەگریمانیەکی بەهێزە.

بائێســــــــتا لێکـــــــــۆڵینەوە لەســـــــــــەر خـــــــــاڵێکی تربکەین،لەبۆندشـــــیری حەوت هەفـــــتە هەیە بــــــۆمەودا لەنێـــــوان هەڕەشـــــەکردن و جـــــێ بەیّ کـــــردن،وەبەلای دنـــــدییەوە وە مەوداکە جیـــــاکەرەوەکە ســـــێ بۆچـــــوار ڕۆژە .

ـ ئەمەئاماژەیە بۆچی؟

ـ مەودایەکی زۆری هەبوو بۆئەوەی ببیڕێت.

ـ بەڵام بیرت بێت کەنامەکان مەودایەکی درێژتریان بڕییوە بۆگەشتن.

ـ ناتوانم لەم خاڵە بگەم؟

ـ بەلایەنی کەمەوە گەشتینا ئەوەی کەئەو کەشتییەی پیاوەکە یاخوود پیاوەکان پێ هاتوون کەشتییەکی یاسایی بووە .

کەوات دیارە پێشتر ئاگادارکردنەوەیەک دەدەن پێش ئەوای دەست بکەن بەکارەکەیان،بەڵام لەڕاستیدا حەوت هەفتەی بەسەربردووە، پێیم وابێت ئەم حەوت هەفتەیە جیاوازی لەخێرایی لەنێوان کەشتی پۆستەکە و ئەوکەشتییەی کەنوسەرەکەی لێ بوو ئەنوێنێ.

ـ ئەکرێت.

ـ بەڵکوو لەوەزیاتر، ئەوەگریمانەیەکی بەهێزە ،وەئێستا تۆ درک بەگرنگی ئەم کەیسە دەکەیت کەدەبێ خێرابین وەبۆچی بەگەنجەکەی ئۆبنشۆم ووت کەدەبێ ئاگاداری خۆی بێت .

هەمیشە گورزەکەلەکۆتا سات دەبووکەنێردەرەکە مەوداکەی دەبڕی،بەڵام کۆتا نامە لەلەندەنەوە گەشت ،بۆیەناتوانین کە پشت بەکات ببەستین.

هـــــاوارم كـــــــردوو وتــــــم :-ئـــــای خـــــوایە؟ئەم ئاگادارکردنەوەیە خراپە ئەبێ چی بێت.

ـــــ ڕوونە ئەونــــامەی کەئۆبنشـــۆ هەڵــــی گرتـــووە گـــــــرنگە بەلای کەســـــێکەوەیاخوود ئەوکەســــــانەی لەســــــەر کەشــــــتییەکەن،پێم وابێــــــت ڕوونە کەئەوانە لەیەکێـــــک زیاترن،تەنهــــا کەســـــێک ناتوانێـــــــت پڕۆســــــەیەکی کوشـــــتن بەم شــــێوەیە بکـــــات کە پشـــــکنەروو لێکۆڵەرەوەکـــــانی هەڵبخەڵێنێـــــت .ئەبێـــت کەســــانێکی زۆربــــن،ئەو پیـــاوانەش دیزاینـــو توانـــای خۆیـــــان هەیە، ئەوکــــاغەزانەی کەبەدوایەوەن ئەبـــــێ بەدەســــتی بهێـــــنن هەرکەس هەڵــــی گرتبێـــــت،وەبەم شـــــێوەیە کەیســــــی((ك.ك.ك)) دەگۆڕێــــت بۆیەکێـــــک لەوکەیســـــــانەی کەنیشــــــــانەیەکی تــــــاییەتی هەیە بەکۆمەڵەکە.

ـ بەڵام بۆچی کۆمەڵێک؟

شـــــێرلۆک دائەنیـــــوەوەو بەدەنگێکـــــی نـــــزمەوە وتــــی:- ئایــــا هەرگیـــــز گوێـــت لە کۆمەڵەی((کۆکلــــۆکس کـــــلان)) نەبووە؟

ـ هەرگیز نەمبیستووە .

(کوکلکـــــۆس کـــــلان) ئەونــــاوە لەیەک چــــووە لەنێـــوان ئەوەو دەنگـــــــــی ئامــــــــادەکردنی چەکێـــــــــک بۆتەقانــــــدن،ئەوەش نـــــاوی هەنــــدێک ســـــــەربازی یەکگرتــــو لەویلایەتەکـــــانی باشـــــوور دوای جەنگـــــی ناوخۆی کەلە ئەمریکا دروستیان کرد،

وەبەخێرایی چەند لقێکی هەڕەمەکیان لەناو شارداکردەوەو کەبڵاوبویەوەو لەتێنیسی ولویزیانا وکارولینای وباکورو کارۆلینای باشور وجۆرجیاو فلۆریدا،وەهێزەکانیان لەسیاسەتدا بەکاردەهێنا،وەلەپێشەوە بۆڕەش پێستەکان،کەهەرکەس لەدژیان بوەستایە دەریان دەکردوو دەیان کوشت.

هەمو ئەودەست درێژیانە بەشێوازێکی سەیر ئەوپیاوانەی کەئەیانویست ئاگاداریان دەکردەوە،وەکو گرێدانی لاپەڕەی بەڕوو لەهەندێک شوێن یان تۆوی پرتەقاڵ یان شووتی لەهەندێکی شوێنی دیکە ...وەقوربانییەکە دەبوایە جێهێشتنی خۆی لەبیرەکانی پێشویو لەشارەکەش ڕابگەیەنێت،ئەگەر هەرکەسیش بوێری خۆی دەربخا بێگومان مردن چاوەڕێی بوو ،وەزۆربەی جاریش کوشتنەکان بەشێوەیەکی سەیر دەکرا،هیچ حاڵەائێکی سەرکەوتۆ بەسەر ئەم ڕێکخراوەیە تۆمارنەکراوە،وەڕایان کردبێت لەژێر دەستیان،وەشوێن کەوتن بەدوای ئەم دەست درێژی کارانە هیچ سوودێکی نەبوو.

ئەم ڕێکخراوە بۆچەندین ساڵ تەشەنەی کردوو سەرەڕای هەوڵو کۆششی حکومەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکان وکۆششی چینەکانی باڵا لەکۆمەڵگە،

لەکۆتایـــــدا ســـــاڵی ١٨٦٩ ئەم جـــــوڵانەوەیە کۆتـــــایی پێهـــــات ســـــەرەڕای بـــــوونی چـــــالاکی بەشـــــێوەیەکی پچڕپچڕ.

هـــــۆڵمز بەدەم کتێـــــب دانـــــانەکەوە وتـــــی:-تێبینـــــت کـــــردووە کەوتنـــــی ڕێکخـــــراوەکە هاوکـــــاتە لەگەڵ ونبـــــوونی ئۆبنشـــــۆ لەئەمەریکائەوکـــــاغەزانەی پێـــــیە کەتـــــاییەتە بەئەوان،ئەکرێـــــت ئێســـــتا لەبەردەم هۆکـــــار، ئەنجـــــام بـــــین،کەواتە ســـــەیرنییە کەکەســـــێک هەیە بەدوای خێزانـــــی ئۆبنشـــــۆیە،ئەکرێ ببینـــــی کەتۆمـــــارو ڕۆژانە لەم کـــــاغەزانە هەنـــــدێک پیـــــاوی ســـــەرەتای ئەم کۆمەڵە کەلە باشوورن تێوەگلابن.

ـ کەواتە ئەوڕۆژنامانەی کەبینیمان ......

ـــــ ئەکرێـــــت پێشـــــبینی ئەوەبکەیـــــن کەئەوەبێـــــت،کەواتە وەک، ئەوەی بیـــــرم بێـــــت بەباشـــــی دەقەکـــــان ئەمـــــاژەدەکەن وەکـــــوو:-تۆوەکـــــانم نـــــارد بـــــــۆ((أ))و((ب))و((ج))...ئەمەش مانـــــــای وایە ئاگادارکردنەوەیەکی بۆناردوون.

ئاماژەکـــانی تـــریش کەدەڵێـــت((أ)) لە شـــار ڕۆشـــتوون ،وەلەکۆتایدا،ســـــەردانی ((ج)) کـــــرا ئەم نـــــاوانە ئاماژەی ئەوەدەدا کەکۆتاییەکی خراپە.

باشـــە، دکتـــۆر پـــێم وابێـــت لێـــرەدا هەنـــدێک شـــتی شـــاراوەمان لێـــرەدا دەرخســـت، وەپـــێم وابێـــت کەتـــاکە هەل لەئێســـــتادا ئەوەیە کە گەنـــــجەکەی ئۆبنشـــــۆ ئەوەبکـــــات کەپـــــێم وت،وە هـــــیچ شـــــتێکمان نیـــــیە کەلەئێستادا بیکەینو بیڵێین .

ئەو کەمـــانەم پێیـــدە بـــابۆ ســـاتێک ئەم کەشـــە خـــراپە لەبیر بکەین .

***

لەبەیـــانی ڕۆژی دواتـــردا کەشـــەکەی ســـامأڵ بـــوو خـــۆری هەڵهـــاتوو لەپشـــت تەمەکـــانەوە دزەی دەکـــرد بەســـــەر شـــــارەکەدا،کاتێک ڕۆشـــــتمە ژورەوە شـــێرلۆک نـــانی بەیـــانی دەخـــوارد و وتـــی:-ببـــورە لەبەرئەوەی کە چـــــاوەڕێم نەکـــــردی،پێم وابێـــــت ڕۆژێکـــــی درێـــژم لەپێشـــە بۆکەیســـــی گەنـــجەکەی ئۆبنشۆ.

پرسیارم لێکردوو وتم:-بەنیازیت چی بکەی؟

ـــــ ئەمە بەرێژەیەکـــــی زۆر پشـــــت دەبەســـــتێت بەو ئەنجـــــامە ســـــــەرەتاییانەی کەلە لێکۆڵینەوەکـــــانم بەدەســـتم هێنـــاوە،بەهەر حـــاڵ لەوەیە ناچـــاربم کەبـــڕۆم بۆهۆرشام.

ـ یەکەم جار نارۆیت بۆئەوێ؟

ـــــ بەڵکـــــو لەشـــــارەکەوە دەســـــت پێدەکەم.بـــــدە لەزەنگۆڵەکەو خزمەتکارەکە بەقاوەیەک دێت .

لەکاتێکـــــدا چـــــاوەڕێی قـــــاوەکەمم دەکـــــرد ناونیشـــــانی ســـەر ڕۆژنـــامەکە شـــۆکی کـــردم ،وتـــم شـــێرلۆک تـــۆ زۆر دواکەوتی !

هـــاواری کـــــردو بەکــــاردانەویەکەوە وتـــــی:-اەەە،لەوە دەترسام ئەوەچۆن بوو؟

بەئـــــارامییەوا قســـــەی دەکـــــرد بەڵام ڕوون بـــوو زۆر کـــاریگەر بـــوو پێیـــیەوە، چاوەکـــانم نـــاوی ئۆبنشـــۆی و ناونیشـــانەکە(( تراژیـــدیایەک لەنزیـــک پـــردی واترلـــۆ ڕوویداوە))،ڕاپۆرتەکە دەیوت:-



لەکـــاتژمێر نـــۆ بـــۆدەی ئێـــوارەی دوێنێـــی شـــەو کـــوکی پـــۆلیس لەشـــفتی خۆیـــدابووە لەنزیـــک پـــردی واترلـــۆ گوێبیبیســـتی دەنگـــی کەوتنـــی جەســـتەیەک بـــووە بۆنـــاو ئـــــاوەکە،بەڵام لەبەرئەوەی کەشـــــەوبوەو تەم بـــــووە ســـــەرەڕای یەرمەتیـــــدانی ئەوکەســـــانەی کەلەوێـــــوە تێپەڕیـــون بەڵام ڕزگـــارکردنی مەحـــاڵ بـــووە ،زەنگـــی ئەگـــادار کـــردنەوە لێـــدراوەو توانیویـــانە بەیـــارمەتی پۆلیســـــی ئـــــاویی لاشـــــەکە دەربێـــــنن ،بەهـــــۆی ئەو زەرفەی کەلە ناوبـــــاخەڵی بـــــووە دەرکەوتـــــووە گەنجێکـــــــی بەڕێزبـــــــووە بەنـــــــاوی جـــــۆۆن ئۆبنشۆ،وەناونیشانەکەشـــــــی لەنزیـــــــک هۆرشـــــــام تێـــــــدابووە،وەکو ئەوەی دەرەکەویَ بەپەلە بـــــــووە بـــــۆئەوەی بگـــــاتە وێســـــتگەی واترلۆ،بەهـــــۆی پەلەکەیەوەو تـــــاریکی زۆرو تەمـــــی زۆر لەڕێـــــگەی خـــۆی لایـــداوە ،وەهـــیچ ئاســـەوارێکی تونـــدوتیژی پێـــوە دیارنەبووە .

بەبێـــــدەنگی بۆچەنـــــد دەقەیەک دانیشـــــتین،هۆلمزم پێشـــتر ئەوەنـــدە بەبێتـــاقەتی نەبینـــی بـــوو ،دواتـــر لەکۆتایـــــدا وتـــــی:-ئەمە غـــــرورم برینـــــداردەکا واطســـــۆن،بێگومان هەســـــتێکی بچـــــووکە بەڵام غـــــرورم برینـــــدار دەکا..ئێســـــا بـــــوبە شـــــتێکی کەسی(شەخصـــــی) ئەگەر خـــــودا تەندروســـــتیم پـــــیَ ببەخشیَ ئەم مافیانە دەگرم.

هـــات بـــۆلام و داوای هاوكـــاری لێكـــردم، بەڵام مـــن نـــاردم بۆگـــۆڕی خـــۆی!دواتر لەكورســـییەكەی بەرز بـــوەوەو وەكـــو كەســـێكی ســـەرلێ شـــێواو دەهـــات ودەچوو.



دەستە لاوازەکانی بەیەکەوە ئاڵاندو بەتورەییەوە لەیەکی دەدایەوە،دواتر وتی:-ئەبێت کەسانێکی فێڵ بازی شەیتانی بن ئەگینا چۆن وایان لێکردووە کەبچێت بۆئەوێ؟

ڕێگاکە ڕاستەوخۆ ناچێت بۆوێستگەکە ،ئەبێت پردەکە زۆر قەرەباڵغ بوبێت ،بەتایبەت لەشەوێکی وادا.کەواتە گونجاو نەبووە بوشێوەی کەئەوان ئەیانەوێ.باشە واطسۆن .

ئەیبینین کێ لەکۆتایدا سەردەکەوێت...ئێستادەردەچم.

ـ ئەڕۆیت بۆلای پۆلیس ؟

ــ نەخێر من دەبم بەپۆلیس ؛تۆڕێک دروست دەکەم ،کاتێک وەک مێشولە تێی دەکەون ئەوجا پۆلیس بانگ دەکەم نەک پێش ئەوە.

***

نقوم بووم لەکارەکەمدا نەگەڕابوومەوە بۆ خانووە کۆنەکەم لەشەقامی بەیکەر هەتاوەکو ڕۆژی دواتر،شێرلۆکیش نەگەڕابویەوە،هەتاوەکو کاتژمێر دەی ئێوارە کاتێک بەشەکەتییەکی زۆرەوە خۆی کرد بەژورا ،پەلاماری بسکویتەکانی سەر مێزەکەی دا،دواتر قومێکی گەورەی ئاوی خواردوە.

ـ وتم تۆبرسیتە؟

ــ بەڵکو زۆریش .لەبیرم چووا لەبەیانییەوە هیچم نەخواردووە.

- هیچ؟!

ـــــ تەنـــانەت یەک پارویش،کـــاتم نەبـــوو بـــۆئەوەی بیـــر لەخواردن بکەمەوە.

- شتەکان چۆن تێپەڕی ؟

- بەشێوەیەکی باش.

- گەشتیتە هیچ بەڵگەیەک ؟

ـــــ ئەوان لەنـــــاو دەســـــتمن، گەنـــــجەکەی ئۆبنشـــــۆ بۆمـــــاوەیەکی دریـــــژ بەبـــــێ ئاســـــەوار نـــــامێنێتەوە،ڕات چیـــیە واطســـۆن؟یا کـــارە خراپەکـــانی خۆیـــان بـــدەینەوە بەڕوویان ،زۆر بیرم لێ کردۆتەوە.

- مەبەستت چییە؟

ـــــ پرتەقـــاڵێکم لەگەنجیـــنەکە بـــردوو کـــردم بەدوو کەرتەوە ،پەســـــتانم خســـــتە ســـــەری هەتـــــاوەکو تۆوەکـــانی هـــاتنە دەرەوە ،دواتـــر پێـــنج دانەم خســـتە زەرفێکەوە،لەبەشـــــــی نـــــــاوەوە نوســـــــیم :-لە(( ش هـ))بۆ(( ج ك)).

دواتـــر دامخســـت ناونیشـــانەکەم نوســـی ((کـــاپتن جـــیمس کـــالهۆن کەشـــتی لـــۆن ســـتار ،ســـافانا ،جۆرجینا)).

بەقاقـــایەکەوە وتـــی:-ئەم نـــامە چـــاوەڕێی دەکـــات کاتێـــک دەچێـــتە پەنـــاگەکەیەوەو ئەیزرێنێـــت لەخەو،ئەبێـــتە شـــومێک بـــۆی هەروەک، خێزانـــی ئۆبنشۆ.

کاپتن کالهۆن کێیە؟

ـــــ فەرمانـــدەی مافیـــاکە، ئەوانـــی دیـــکەش لەنـــاودەبەم بەڵام یەکەم جار ئەو.

ـ کەواتا چۆن دوای دەکەوی؟

هـــــۆڵمز لیســـــتێکی درێـــــژی پـــــڕ لەناوناونیشـــــانی لەبـــــاخەڵی دەرهێنـــــا و وتـــــی:-،هەمـــــوو ڕۆژەکە بەدواداچـــونم بـــۆ تۆمـــارو فـــایلی هەمـــوو سەرنشـــینانی کەشـــتی رســـا لەبۆندشـــیری کـــانونی دووەم و شـــوباتی ســـاڵی ١٨٨٣ کـــرد ئەگەر بۆکـــاتێکی کەمـــیش بوبێـــت ،ڕاپۆرتەکـــان ئاماژەیـــان بەوەدەکـــرد کە شەســـــت و ســـێ کەشـــتی مامناوەنـــدی بـــارهەڵگر لەم مـــاوەیەدا تـــێ پەڕیون،لەنێوانیانـــــدا یەکێکیـــــان ســــــەرنجی ڕاکێشـــــام ئەویـــــش کەشـــــتی لـــــون ســـــتاربوو هەرچەنـــــدە لەلەنـــدەنەوە هـــاتبوو بەڵام نـــاوەکەی یەکێـــک بـــوو لەنـــــاویی ویـــــلایەتە یەکگرتووەکان،تکســـــاس پـــــێم وابێت.

دڵنیـــا نەبـــووم بەڵام دەزانـــم کەئەســـڵی ئەوکەشـــتییە ئەمریکیە .

ـ دواتر چی؟

ــــــ گەڕام بەدوای تۆمـــــاری دندیـــــدا ،وە کاتێـــــک کەشـــتی لـــون ســـتار لە کـــانونی دووەم لەوێـــدا بـــووە گومانەکەم جێگیر بوو.

ـ دواتر؟

کەشتی لون ستار هەفتەی ڕابردوو گەشتۆتە ئێرە،دواتر ڕۆشتم بۆپەناگەی ئەلبرت بینیم بەرەبەیان ڕێگای گەڕانەوەی بۆسافانا بڕیبوە، بروسکەیەکم نارد بۆ گرافسند و زانیم ماوەیەک دەبێت ڕۆشتووە،وەلەبەرئەوەی بای خۆرهەڵاتیە گومانی تێدانیە کەئێستا گودۆنزی بڕیبیەوە، وە زۆر دوورنییە لەدوورگەی وایت.

- ئێستا چی دەکەی؟

- ئەوو خاوەنەکەی کەوتنە چنگمەوە،وەکو ئەوەی زانیم ئەوان تەنها کەسبوون لەسەر کەشتییەکە کەئەسڵی ئەمریکی بن، هەموو سەرنشینەکانی دیکە فنلەندی بون،وە کاتێک کەشتییەکەیان دەگاتە سافانا بروسکەیەکی من پێش ئەوان دەگاتە ئەوێ ، لەبروسککەدا پۆلیسم ئەگادار کردۆتەوە کە ئەو سێ پیاوە داواکراون لێرە بەتۆمەتی کوشتن.

***

زۆرێـــک لەو پیلانـــانەی کەمـــرۆڤ دایـــدەنێ لاوازنـــو نەقســـی تێـــدایە، بکوژەکـــانی جـــۆن ئۆبنشـــۆ هەرگیـــز تـــــۆوی پرتەقاڵەکانیـــان پـــێ نەگەشـــتبوو بەهـــۆی ئەوەوە زانیبویـــان کەســـێکی بەتواناولیهـــاتووی وەکـــو خۆیان بەدوایانەوەیە.

لەکۆتایـــدا بکوژەکـــان ئاشـــکراکران کەکێیـــوون ،زۆر چاوەڕێمـــانکرد کە هەواڵـــی کەشـــتییەکەی لـــون ســـتار مـــان پـــێ بگـــات بەڵام بـــێ ســـوود بـــوو ، وەلەکۆتایـــدا زانیمـــان کەشـــتییەکی کـــارپێکراو لە شـــوێنێکی دوور لەئۆقیانوســـــی ئەتڵەســـــی بینـــــراوە کەنەخشـــــەی دوو پیتـــــی لەســـــەرە ئەویـــش ((ل س)) وە ئەوە هەمـــــوو شـــــتێکە کەدەیـــــزانین دەربـــــارەی چارەنوســـــی ئەوکەشتییە.

***

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە
بۆ گروپی کتێبخانەی ( PDF )

